# سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە گەندەڵی

سەردار عەزیز
گەندەڵی چ لە رووی کاریگێری چ لە رووی رامیاریەوە یەکێکە لە هەرەبڵاوترین دیاریدەکان لە دونیای ئەمرۆدا، بە جۆرێ وولاتێک یان کۆمەڵگایەک نیە بە شێوەک لە شێوەکان ئەم دیاریدەیان تیا نەبێ. گەندلی وەک دیاریدەیەک: هۆکارەکانی سەرهەڵدانیان و شێوازەکانی بەربڵاویتی و چۆنیتی رێلێگرتنی بوەتە بابەتی خوێندن لە دەزگا ئەکادیمیەکان، لە چەندین زانکۆی دونیادا وەک وانەیەک لە کۆلێژەکانی سیاسەت و حکومەت دا دەخوێنرێت. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە گەندەڵی بە شێوەیەکی زانستی کارێکی تا بڵێی سەختە لە بەر چەند هۆکارێکی ئاشکرا لەوانە؛ گەندەڵی هەردەم بەشێوەیەکی نهێنی روودەدات، ئەوانەی کە لەکاری گەندەڵیا بەشدارن ئامادەنین زانیاری بدەنە دەستەوە، هەروەها بە کارهێنانی گەندەڵی وەک تاوان بۆ تاوانبارکردنی ئەوانی تر.

زاراوەی گەندەڵی لە ناوەندی کوردیا تا رادەیەک زاراوەیەکی نوێیە، بۆیە بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا مانای ئەم زاراوەیە دیارنیە. ئەو زاراوانەی کە ناوەندی کۆمەلایەتی زیاتر پێی ئاشنایە زاراوەگەلێکی وەک؛ بەرتیل، بەخشیش، دیاری، واسیتە-یە، کە هەریەکەیان لە کاتێکدا کارێکی گەندەڵین لە هەمانکاتدا شێوازێکی تایبەت لە گەندەڵی نیشان ئەدەن. بەگشتی گەندەڵی دوو جۆرە؛ جۆرێکیان دوو لایەن تیا بەشدارن: لایەک کە بدەرە وە لایەکەی تر وەرگرە. جۆری دووەم تەنها یەک لایەن تیا بەشدارە، بۆ نموونە کاتێ حکومەت لە شوێنێک بریاری دروستکردنی پرۆژەیەک ئەدا ئەگەر چەند کەسێک کە سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکەن برێک لە پارەکەی بۆ گیرفانی خۆیان بەرن، ئەوا گەندەڵی لەیەک لایەنەوەیە. ئەم جۆرە گەندەڵیە دەتوانرێ ناوی سەرتوێژی لێبنرێ بە مانای بردنی سەرتوێژ. تێروانین لەم جۆرە گەندەڵیە لە هەمانکاتدا پێناسەیەکمان ئەداتێ دەربارەی چیەتی گەندەڵی. بەم پێیە گەندەڵی بردنی سەروەت و سامانی گشتیە بۆ گیرفانی تاکە کەس. ئەمە مەرج نیە تەنها کارگێرانی دەزگا حکومیەکان بگرێتەوە بەڵکو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و دەزگا خێرخوازەکان بە شێوازێکی ئابرووبەرانە گەندەڵن؛ هەر لە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، (کوفی ئەنان و کورەکەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بەشداربوون لە دزینی داهاتی نەوتی عێراق بە پێی بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک)، تا بچوکترین و لۆکاڵترین رێکخراوی غەیرە-حکومی.

گەندەڵی وەک دیاریدەیە بەگشتی لە سێ ئاستدا روودەدات؛ ئاستی تاکەکەسی، کە بەگشتی بچوک و بێباخە، بەلام رەنگە ببێتە هۆی بەرێوەنەچونی کاروباری هاولاتیان. لێکۆڵەرەوان بروایان وایە ئەم جۆرە گەندەڵیە لە نێو ئەو فەرمانبەرانەدا بلاوە کە خوازیاری ژیانێکی پر مەسرەفن بەلام دەرماڵەکەیان بەشیان ناکات. جۆری دووەم؛ گەندەڵی دەزگاییە، ئەم شێوازە ئەو گەندەڵیەیە کە رەنگە دەزگایە یان رێکخراوی بەگشتی بگرێتەوە بە جیا لە دەزگاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگا، بۆ نموونە بواری بونیادنانەوە و بیناسازی و کۆنتراکبەستن لە زۆربەی وولاتانی دونیا لە زۆربوارەکانی تر گەندەڵیان تیا بەربلاوە. شێوازی سێهەم شێوازی سیستەماتیکە؛ کە هەموو دەزگاو رێکخراوەکانی دەوڵەت نادەوڵەتی گەندەڵی تیایاندا تەشەنەئەکات، وولاتانی دونیای سێ بە گشتی ئەم جۆرە گەندەڵیەیان تیا بلاوە. رێگەگرتن و بنبرکردن ئەم شێوازە تا بڵێی دژوارو سەختە چونکە حکومەت بە گشتی گەندەڵە بۆیە نەک هەرئامادەنابێت دیاریدەکە بوەستێنێ بەڵکو دەبێتە رێگر لە بەردەم ئەوانەی کە هەوڵی وەستانی ئەدەن.

گەندەڵی بە هیچ جۆرێ دیاریدەیەکی نوێ نیە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، لە ئەرستۆتالیسەوە قسەی لە سەرکراوە، بەشێوەیە دەتوانرێ بە ئاسانی بوترێ کە لەوەتەی دەسەلات بەشێوەیەکی دامەزراوەیی سەریهەڵداوە گەندەڵیش بوەتە پاشخانێ بۆی. ئەوەی نوێیە بە ئاگابوونەوەو دەستکەوتنی برێ لە دەسەلاتە لەلایەن هاولاتیانی سادەوە، کە دەرفەتی ئەوەیان هەیە نارەزایی دەربرن. لە سەردەمی کۆندا باسی گەندەڵی لە گۆرێ نەبوو چونکە پاشا و میرەکان، خەڵک و شتەکانیشیان بە موڵکی خۆیان تەماشا ئەکرد، (بەشێکی زۆری ئەم تێروانینە هێشتا لە کوردوستان بەرێوەدەچێ). میکیاڤێللی کتێبی میری بۆیە نوسی تاوەکو پێشکەشبیکات بە میر و میریش لە بری ئەوە لایەکی لێبکاتەوە. لە لاپەرەی سەرەتایی کتێبەکەیدا میکیاڤێللی دەڵێ ئەگەر خەڵکی تر دیاری گرانبەها

دەبەخشنە میر وەک؛ شمشێرو ئەسپ و جلوبەرگی بە زێر رازاوەو شتی تر تا جەنابی میر لایەکیان لێبکاتەوە، ئەوا من ئەم کتێبەم هەیە. بەخشینی دیاری بە مەبەستی لالێکردنەوە بۆ خۆی کارێکی گەندەڵیە.

گەندەڵی لە مانا کلاسیکیەکەیدا بە هەڵسوکەوتێکی خراپ لێک ئەدرێتەوە کاتێک کەسێک پێی هەڵئەستێ کە لە رووی ئەخلاق یان مۆراڵەوە خۆی بە بەرپرسیار نازانێ. ئەم لێکدانەوەیە هەرچەندە برێک لە راستی تیایە بەڵام کاری گەندەڵی سادە ئەکاتەوە و ناتوانێ هیچ دەرئەنجامێکمان بەدەستەوە بدات. ئەوانەی بەم شێوەیە لە گەندەڵی تێئەگەن بە هەمانشێوە دەنوارنە چۆنێتی چارەسەرکردنی، بۆیە رێگاچارەکانیان رەنگە بریتی بێت لە ئامۆژگاریکردن و ئاگادارکردنەوە و چەند هەوڵێکی تری لەو شێوەیە کە لە دەرئەنجامدا هیچ بە دەستەوە نادەن. شکستی ئەم شێوازە کە زیاتر شێوازێکی ئاینئامێزە لە پەیوەندی گەندەڵی بە ئەخلاقی پۆست-مۆدێرنەوە روون ئەکەمەوە.

گەندەڵی و ئەخلاقی پۆست-مۆدێرنە

ئەوەی ئاشکرایە کە کۆمەڵگای کوردی نە مۆدێرنەیەوە نە پۆست-مۆدێرنە، بەڵکو وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی دونیای سێ لە دۆخێکی تایبەتدا ئەژی کە تێکەڵەیەکە لە پێش-مۆدێرنە، مۆدێرنە وە پاش-مۆدێرنە. دیارە هەریەکە لەو قۆناغانە وەک پێکهاتەی کۆمەلایەتی ئیتۆسی تایبەت بە خۆیان هەیە لە بەرامبەر ئەوەشدا شێوازی تایبەتی گەندەڵی خۆیان هەیە. ئەوەی لێرەدا زیاتر باسی لێوە ئەکەم قۆناغی پۆست-مۆدێرنەیە، چونکە لە باسکردنی ئەنترۆپۆلۆژیاو گەندەڵیا دەربارەی ئەو قۆناغەکانی تر قسە ئەکەم.

یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی پۆستمۆدێرنە، بێبایەخبوونی مێژووە و لە بەرامبەریا سەرهەڵدان و پتەوبوونی رەهەندی ئێستایە، بە مانایەک ئێمە لە ئێستادا و بۆ ئێستا ئەژین. ئەم دابرانە لە کات یان وەک کلۆد لیڤی شتراوس دەڵێ 'ژیان لە دورگەیەکدا'، لە هەمانکاتدا دابرانە لە ئەوی تر، لە ئەوانی تری پێشینەش. لێرەوە مرۆڤ وەک تاکێ لە روانگەی خۆیەوە سەرلەنوێ بەهاو پەیوەندیەکان دائەرێژێ. ئەم بێئاگابوون و دابرانە لە کات یەکێکە لە سیفەتەکانی درندە. لە دەرئەنجامی ئەمەدا مرۆڤێک بەرهەم هاتوە کە ئەوەی بۆخۆی باشبێت بێ بیرکردنەوە ئەنجامی ئەدات. تەنها رێگاچارەیەک بۆ مرۆڤێکی لەم بابەتە یاسایە، کە لە خۆیدا ئاگادارکردنەوەکی بەردەوامە لە سزادان. هەر ئەم هەڵوێستەیە کەوایکردوە کۆمەڵگا (بە تایبەت کۆمەڵگاکانی رۆژئاوا) پارێزەرو کۆمپانیای پارێزەرانی لە هەموو شتێ زیاتر تیابێت. بەجۆرێ لە هەندێ وولاتدا ژمارەی پارێزەران دوو هێندەی ژمارەی پزیشکانن. ئەم دیاریدەیە ئەمانگەیەنێتە ئەو بروایەی کە رێگاچارە یان یەکێک لە رێگاچارە بنەرەتیەکان لە گەڵ مرۆڤێکدا کە هەرکاتێ دەرفەتی بۆ رەخسا بەبێ هیچ هەستێک بەلێپرسینەوە هەوڵ بۆ پرکردنی گیرفانی خۆی ئەدات تەنها: یاسایەکی ئاشکرایە، لە گەڵ چاودێریکردنێکی بەردەوامدا، کە دەزگایەک لە پشتیەوەبێت هەردەم ئامادەبێت سزای بدات. لە پەیوەندی مرۆڤ بە تایبەت مرۆڤی رۆژهەلاتی لە گەڵ کەلتوری نوێدا، ئیشکالیەتێک هەیە. مرۆڤی رۆژهەلاتی لە هەستبەکەمیکردنیا لە بەرامبەر ئەویتری رۆژئاوای، کەلتورەکەی خۆی جێئەهێڵێت بۆ کەلتورێکی نامۆ. لە کاتێکا پەیوەندی لەگەڵ کەلتورەکەی خۆیدا پەیوەندیەکی سروشتی بووە، ئەوا پەیوەندی لەگەڵ کەلتورە نوێکەیدا پەیوەندیەکی لاساییکەرەوە دەبێ، لە هەردوو بارەکەدا پەیوەندیەکی ناعەقڵانیە. بۆیە لە رۆژهەلات مرۆڤێکت هەیە لە هەڵپەی پارەپەیداکردنا پاش-مۆدرێنە و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کچ و ژنەکەیا پێش-مۆدرێنە.

## گەندەڵی و ئەنترۆپۆلۆژیا

گەندەڵی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆرێت. هەندێ هەڵسوکەوت لە هەندێ کۆمەڵگادا بە سادە تەماشائەکرێت لە بەرامبەردا لە هەندێ کۆمەڵگای تردا بە گەندەڵی دائەنرێت. کۆمەڵناس و ئەنترۆپۆلۆجستی هیندی پراکاش رێدی لەم روانگەیەوە لە گەندەڵی کۆڵیوەتەوە. رێدی گوندێک لە هیند و گوندێکیش لە وولاتی دانیمارک بەراورد ئەکات. لە گوندە دانیمارکیەکە خەڵکی بە هەزارحاڵ یەکتریان ئەناسن وە زۆر بە کەمی لە گەڵ یەکتردا ئەدوێن، سەردان و یەکتربینین بە جۆرێ لاوازە دەتوانی بلێیت نیە. ئەمە نەک هەر لە نێوان خەڵکی گوندەکەدا بەڵکو لە نێوان و باوان و منداڵەکانیاندا، کە منداڵەکان پێئەگەن ئیتر باوانیان ئاگایان لەوە نیە بۆ کوێ ئەرۆن. لە بەرامبەر ئەمەدا لە گوندە هیندیەکە، کە زۆر لە گوندێکی وەک کوردوستان دەچێ، هەموو کەس ئاگای لە یەکترەو سەردانی یەکترئەکەن، دەزانن لە ماڵی ئەویتردا چ باسە، خەریکی چین، کە گەواهی ئەوەن پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان دانیشتوانی گوندەکەدا بەهێزە. بە تێراوانین و بەراوردکردنی ئەم دوو نموونەیە کە لە هەمانکاتدا نموونەی دوو شارستانی و کەلتورو شێوازی ژیارین، هەندێ داتامان دەسئەکەوێت کە رەنگە بەسودبێت بۆ تێگەیشتن لە گەندەڵی. لە گوندە دانیمارکیەکە بۆ کەسێکی فەرمانبەر زۆر ئاسانە کە هەڵسوکەوت لە گەڵ هەمواندا وەک یەکبکات، چونکە پەیوەندی لە گەڵ هەمواندا پەیوەندیەکی

ساردوسره. له کۆمەڵگایەکی وەهادا ئەتوانرێ بیرۆکراسیەت بە مانا فیبەریەکەی بێتەدی. ماکس فیبەر باوکی بیرۆکراسیەت، کە هەتا ڕۆژگاری ئەمرۆش یەکێکە لە هەرە تۆکمەترین شێوازەکانی بەڕێوەبردن لە بواری دەسەلات و حکومەتدا لە دونیادا، بروای وەهابوو کەسی فەرمانبەر پێویستە تەنها وەفای بۆ ئیشەکەی هەبێت و لە گەڵ ئەوانی تردا پەیوەندیەکی ساردوسری هەبێ وەک پەیوەندی خەڵکی گوندەکەی دانیمارک. تەنها لە دۆخێکی ئاوەهادا بەڕێوەبردن دەتوانێ یەکسان بێت لە مامەڵەکردن لە گەڵ هەمواندا. (شایانی باسە قوتابخانەی بیرۆکراسیەت لە ژێر رەخنەیەکی زۆردایە بەڵام ئێرە شوێنی باسکردنی ئەو بابەتە نیە).

ئەگەر بگەرێنەوە بۆ بیرکردنەوە لە گوندە هیندیەکە، لێرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر بنەمای یاساو کۆمەڵگای مەدەنی بونیاد نەنراوە، وەک لە گوندە دانیمارکیەکە بینیمان، (ئەوەی پێویستە روونبکرێتەوە من تەنها لە یەک روانگەوە دەنوارمە ئەم بەراوردکاریە، بۆیە ئەگەر لێرە لایەک بە باش دەرکەوت و لاکەی تر بە خراپ مانای باش و خراپی هیچ لایەک ناگەیەنێت)، بەڵکو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە سەر بونیادی خێزان و خزم و ناسراو شێوازەکانی تر کە بنەماکانی پەیوەندیە پێش-مۆدێرنەکانن یان تەقلیدی. لەم شێوازە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەدا وەها چاوەروان لە کەسی کاربەدەست دەکرێ کە جیاوزی بکات لە نێوان خزم و کەسەکانی لە گەڵ ئەوانی تردا، نەک هەر ئەوە بەڵکو بە تاوان دائەنرێت ئەگەر بە چاوێکی تایبەت لە خزم و کەسەکانی نەنوارێت. ئەم دیاریدەیە تەنها پەیوەست نیە بە کۆمەڵگا سونەتیەکانەوە بەڵکو بەشێکی زۆری ئیتالیا تا ئێستا بەم شێوەیەیە. لێرەدا گەندەڵی لەوێوە سەرهەڵئەدات کاتێک کەسەکان بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لە گەڵا ناکرێت. هەر کار و دەرفەت و هەرچیەکی باش هەبێ بۆ خزم پس مام دەروا. هەبوونی پەندێکی وەک 'خێر بۆ خوێش نەک بۆ دەرویش'، لە کەلتوری کوردیا گەواهی ئەوەیە کە کۆمەڵگای کوردی وەک گوندە هیندیەکە، جیاوزیکردن لە مامەڵەکردن لە گەڵ کەسەکاندا نەک بە خراپ نازانێ بەڵکو بەباشی ئەزانێ و هانی بەردەوامی ئەدات. گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و دەستەبەرکردنی دەرفەتی زۆر بۆ هاوڵاتیان تەنها ڕێگاچارەی ئەم هەڵسوکەوتەیە.

## گەندەڵی و ستراکتۆری حکومەت

یەکێک لەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەمسال بۆ زانکۆ ئامادەمکرد لێکۆڵینەوەیەک بوو دەربارەی گەندەڵی لە ئیتالیای پاش فاشیزم. ئەوەی شایانی باسە ئیتالیا تەنها وولاتی لیبراڵ دیموکراتە کە گەندەڵی بۆ زەمانێ زۆر بە شێوەیەکی سیستەماتیک بوو. لە میانەی باسەکەما چەندین هاوشێوەبوونم بینی لە نێوان عێراقی پاش سەدام و ئیتالیای پاش فاشیزم. کاتێ فاشیزم لە ئیتالیا کۆتایی هات، دەستورێکی نوێ نوسرایەوە، وەک چۆن لە چەند مانگی داهاتودا رەنگە هەمان شت لە عێراقدا بەڕێوەبچێ. کە ئیتالیەکان دەستورەکەیان نوسیەوە، فاشیزم وەک سیستەمێکی دەسەلات لە مێشکیانا بوو، وەک چۆن بەعس دەبێتە ئەو سیستەمەی کە مێشکی ئەندام پەرلەمانەکانی عێراقدا دەبێ، بۆیە دەستورە نوێکە بەشێوەیەک دارێژرا کە بەتەواوی دژ بە فاشیزم بێت. لە فاشیزمدا وەک چۆن لە بەعسدا دەوڵەت و سەرۆکەکەی لە چەقی هەموو بریارێکان و لە سەروی هەموانەشەوەن، بۆیە دەستوری نوێی ئیتالی زۆربەی دەسەڵاتی بەخشیە پەرلەمان، مەترسیەکە کە چاوەروان ئەکرێت لە حکومەتی داهاتوی عێراقدا دوبارەبکرێتەوە. ئەم پرۆسەیە دەسەڵاتێکی زۆری بەخشیە ئەندام پەرلەمانەکان، وەبەهۆی سیستەمی دەنگدانەوە ئەندام پەرلەمانەکان دەسەڵاتەکەیان بەکارئەهێنا بۆ راکێشانی خەڵکی. لە دەرئەنجامدا خەڵکی دەبوونە ئەندام لە پارتێکا یان لە دەوری ئەندام پەرلەمانێ کۆئەبوونەوە بۆ ئەوەی کاریان بۆ ئاسان بکرێ یان لە بواری حکومەتدا ئیشیان دەستکەوێت. ئەم ستراکتۆری دەسەڵاتە یەکێک بوو لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەو گەندەڵیە بەربڵاوەی کە ئیتالیای گرتەوە.

ئەوەی لێرەدا فێردەبین ئەوەیە کە کۆبونەوەی دەسەڵات لە دەست کەسێکا بە شێوەیەکی زیاتر لە پێویست، کە بارودۆخێکی وەها بخولقێنێ ئەو کەسە هەست بکات کە هەرچیەک ئەنجام بدات کەس لێی ناپرسێتەوە ئەوا بێگومان گەندەڵی دێتە ئاراوە. بۆیە هەوڵدان بۆ هاوسەنگیکردن لە نێوان باڵەکانی حکومەتدا بەجۆرێ شێوازی دەسەڵات لە هەرەمەوە یان هێرارکی بگورێ بۆ تۆر یان نێت، بەو مانایە هەموو دەزگاکان پێکەوە گرێدرابن، توانای کاری سەربەخۆی خۆیان هەبێت و کەس لە سەروی ئەویترەوە نەبێ. سەرەرای ئەمە بەشێوەیەکی گشتی گەندەڵی لە سیستەمی دیموکراسیەتدا بە بەراورد بە سیستەمەکانی تر لاوازە.

ئەوەی پێویستە روون بکرێتەوە ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان دەزگاکانی دەسەڵات و شێوازی بەرێوبردن لە گەڵ گەندەڵیدا پەیوەندیەکی تا بڵێی ئاڵۆزە. هەندێک بروایان وایە دەتوانرێ لە ڕێگای بونیادنانی دەسەڵاتێکی مۆدرێن دیموکراتەوە گەندەڵی کەم بکرێتەوە وەک ئەوەی لە رۆژئاوادا هەیە، لە زۆربەی وولاتانی رۆژئاوادا گەندەڵی بەرێوە ئەچێت بەڵام بە ئاستێکی کەم بە بەراورد

بە وولاتانی جیهانی سێ. لەلایەکی ترەوە هەندێکی تر بروایان وایە شێوازی دەسەلات هەرچۆنێک بێت، ئەگەر خەلکی بیانەوێ گەندەلی پراکتیزەکەن و سیاسەتمەداران و بەرێوبەران بە دوای دەولەمەندکردنی خۆیاندا هەلپەیان بێت ئەوا گەندەلی هەر بەرێوەئەچێت. بۆیە بە هێزترین چەک دژ بە گەندەلی وە ئاگاهێنانەوەی خەلکە، بە جۆرێک وەها هەستبکەن و بیربکەنەوە، کە ئەو پارەیەی دەچێتە گیرفانی لێپرسراوانەوە پارەی ئەوانە. کاتێک هاولاتیان لەوە وەئاگاهاتن کە گەندەلی تەنها بریتی نیە لە کارێکی پارە خواردن و دیاری بۆ بردن و دەعوەتکردن، بەلکو دیاریدەیەکە بە هۆیەوە خەلک دەمرێ، بە هەزاران کەس بێبەری دەبێ لە مافی خۆی، ژیان دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەوا دەبێ لە دیاریدەیەکی سادەو بەربلاوی کۆمەلایەتیەوە بیکەنە دیاریدەکی دزێو. با نموونەیەکی سادە بهێنینەوە. کاتێ کەسێک کۆنتراکتێک وەرئەگرێت بۆ دروستکردنی رێگایە، لە بەر گەندەلی کۆنتراکتەرەکە ناچار دەبێ برێک لەو پارەیە کە بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە بیدا بە لێپرسراوان، بۆ ئەوەی کاری بۆ ئاسانبکرێ. لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی زەرەر نەکات ناچارە رێگاکە بەو شێوەی دروستنەکات کە دەبێ، بەلکو بە دوای ئەوەدا بگەرێ چۆن کەمترین پارە مەسرەف بکات. بۆیە هەر پاش ماوەیە کورت رێگاکە وێران دەبێت و دەبێتە جێی مەترسی بۆ ئەوانەی بەکاری دەهێنن لە ژیانی رۆژانەیاندا.

## گەندەلی حکومەتی ئەمرۆی عێراق

راپۆرتی ئەمسالی بانکی نێودەولەتی، کە پۆل وولفوایتز دەبێتە بەرێوبەری، بەگشتی دەربارەی گەندەلیە لە بواری بونیادنانەوەدا و بە تایبەت عیراق. نوسەری ناسراوی جیهانی فرانسیس فۆکۆیاما پێشەکی بۆ نوسیوە، رایوند لیندرس و جوێستن ئەلسکەندەر دەربارەی گەندەلی لە عێراقی نوێدا بابەتێکیان نوسیوە. لەگەل گەشتنی سوپای ئەمریکا بۆ بەغدا لە شاشەی تەلەفزیونەکانەوە بینیمان چۆن خەلکی سادە بەو پەری نەترسیەوە دامودەزگاکانی حکومەتیان بە تالان ئەبرد. کە دەکرێ بە کارێکی گەندەلی ناوببرێ چونکە خەلک بە هەقی خۆیان دەزانی ئەو شتانەی کە مولکی هەموانە بۆ خۆیانی بەرن. ئەمە هەر بەوەوە نەوەستا بەلکو بە گەشتنی سیاسیە تازەکان سەردەمێ نوێ دەستی پێکرد کە تالانکردنی حکومەت بۆ بەکارێکی پالەوانی.

گەندەلبوونی مرۆڤی سادە لە عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی ئەگەرێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئابلۆقەی ئابوری لە عێراق کاتێک کە دەرمالەی خەلک بەشی ژیانی رۆژانەی نە ئەکردن و دەسەلات بە هەموو جۆرێ توشی گەندەلی بوو بوو. ئەم گەندەل بوونە کارێکی دوو دەمە، لە لایەکەوە زۆرینەی خەلک بە هەلسوکەوتێکی سادەی دائەنێ بەرتیل وەرگرێت، وە لەلایەکی ترەوە خەلک ئامادەن بێ هیچ نارەزاییەک بەرتیل بدەن یان بەشداری گەندەلی بکەن.

لە کوردوستان دەکرێ تێروانینی تر هەبێ بۆ گەندەلی. لێپرسراوە کوردەکان کە لە شاخەوە هاتن بۆ شار چی دی ئەو سەرمایە سیمبوولیەی یان رەمزی کە لە شاخ هەیانبوو بە کەلکی رۆژانی شاریان نە ئەهات، بۆیە گۆرینی ئەو سەرمایە رەمزیە بۆ سەرمایەیەکی مادی ئەرکێکی بە پەلەی ئەوان بوو. وەک زانراویشە کە قۆناخی گواستنەوە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر هەردەم ساتەوەختێکە کە گەندەلی تیا پەرەئەسێنێ، بۆ نموونە ئەو گواستنەوەی بە سەر وولاتەکانی بلۆکی رۆژهەلاتا هات، بە تایبەت روسیا کە لە سیستەمێکی سەرتاپا حکومیەوە (سوشیالیزم) لە کاتێکی کەمدا گوازرایەوە بۆ سیستەمی کەرتی تایبەت (لیبرالیزم). لێکۆلەرەوان  پێشبینی ئەو مەترسیە ئەکەن کە عێراق بە هەمان دەردی یەکێتی سۆڤیەت بروا.

لەلایەکی ترەوە هەبوونی سوپایەکی بیانی لە وولاتەکەدا ئەوەندەی تر زەمینەی گەندەلی خۆش ئەکات، لە کاتێ کە ئەمریکایەکان لە ڤێتنام بوون، سایگۆن پایتەختی گەندەلی دونیابوو، کەس گوومانی لەوە نیە کە ئەمرۆ بەغدا پایتەختی گەندەلیە لە دونیادا. لەم پرۆسەی گەندەلیەدا بیانیەکان بە شێوەیەکی چالاک بەشدارن، (برێکی زۆر لەو کەسانەی بە ناوی خزمەتکردنەوە دێن، پلانی گەورەیان خۆ دەولەمەندکردنە، ئەمە بە تایبەت رێکخراوە خیرخوازو ناحکومیەکانیش ئەگرێتەوە، بە جۆرێ ئەمرۆ لە دونیادا رێکخراوە- ئێن جی ئۆ-کان هاومانای گەندەلین.)

رێژەی گەندەلی لە عێراقدا مایەی حەپەسانە، وەک لە راپۆرتەکەی بانکی نێودەولەتیا هاتووە، لە عێراقدا ئەگەر 10ملیون دۆلار بۆ پرۆژەیەک تەرخانبکرێ ئەوا تەنها چارەکە ملیونێکی دەخرێتە پرۆژەکەوە برە ماوەکەی دەچێتە گیرفانە تایبەتەکانەوە. تا ئێستا بری هەشت بلیون و هەشت سەد ملیون دۆلار لە داهاتی نەوتی عێراق بە خراپی بە کارهێنراوە، (گەندەلی)، بۆ نموونە پانزە ملیون دۆلار بۆ پاراستنی فرۆکەی مەدەنی سەرفکراوە لە کاتێکا بە پێی واشتتون پۆست، لە درێژایی ئەو ماوەیەدا تەنها تاکە فرۆکەیە مەدەنی چیە لە فرۆکەخانەکەوە هەلنەستاوەو نەشنیشتوەتەوە.

ڕاپۆرتەکەی بانکی نێودەوڵەتی باس لەوە ئەکات سەرەرای بڵاوی گەندەڵی ئاگایی هەموان لەو دیاریدەیە، کەچی بەگشتی خەلک نازانن یان زانیاریان نیە دەربارەی چۆنێتی چارەسەرکردنی. لە میانەی راپرسێکا لە شاری بەسرا خەلکی ئەو چارسەرەیان هەڵبژارد کە گوایە کاروبار بدرێتە دەست پیاوانی ئاینی چونکە ئەوان لە هەموو ئەوانی تر پاکترن. راپۆرتەکە بە دیرێک کۆتایی پێدێنێ، ئەگەر گەندەڵی لە عێراقدا چارەسەر نەکرێ ئەگەری ئەوە هەیە کە عێراق ببێتە یەکێک لە هەرە ئابربراوترین کێشەکانی گەندەڵی لە دونیادا.